Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2020-2021
Vol. VI, No. 2, Series 10

Archive of SID

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۳۹۹
سال ۶، شماره ۲، پیاپی ۱۰

# تەنز لە چیرۆکەکانی *پێکەنینی گەدای* حەسەن قزڵجیدا

هاوکار محەمەد ڕەشید[1]

نوع مقاله: پژوهشی

تاریخ دریافت: ۵ مرداد ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۲۹ بهمن ۱۳۹۹؛ صص. ۱۴۷-۱۶۲

DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.175

## پوختە

بەشێکی زۆری بەرهەمە ئەدەبییەکان لە بنەڕەتدا هەڵگری پەیامێکن و دانەرانیش بە نووسەر و شاعیرەوە هەوڵ دەدەن بە ڕێگا و شێوازی جیاجیا ئەو پەیامە بگەیێنن بۆ ئەوەی کار لە بەرامبەرەکەیان بکەن. چیرۆکنووس حەسەن قزڵجی هەوڵی داوە بە شێوەی «تەنز»، کە شێوەیەکی کورتە و تەکنیکێکی جیاواز و کاریگەرە، ئەو پەیامە دەرببڕێت. قزڵجی هەوڵی داوە لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگا لە دیاردە دزێو و ناشیرینەکان ئاگادار بکاتەوە، یان لانیکەم بتوانێت لە قۆناغێکدا وریایان بکاتەوە. توێژینەوەی بەردەست هەوڵ دەدات تەنز و ڕەنگدانەوەی لە چیرۆکەکانی *پێکەنینی گەدای* حەسەن قزڵجیدا بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا، بە شێوەیەکی تیۆریک، باسی چەمک و پێناسەی تەنز و مەبەستی تەنز لە ئەدەبدا کراوە. لە تەوەرەی یەکەمی بەشی دووەمدا، باسی تەنز لە ئەدەبی کوردیدا کراوە و پاشان لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، بە شێوەیەکی پراکتیکی، تەنز لە چیرۆکەکانی *پێکەنینی گەدای* حەسەن قزڵجیدا باسکراوە. لە کۆتاییشدا، گرنگترین ئەنجام و دەستکەوتەکانی ئەم توێژینەوەیە خراونەتەڕوو.

**وشەگەلی سەرەکی:** تەنز؛ ڕەخنە؛ کورتەچیرۆک؛ *پێکەنینی گەدا*؛ حەسەن قزڵجی.

## چکیده

بیشتر آثار ادبی اساسا دربردارنده پیام هستند و نویسندگان و شعرا سعی نموده‌اند با روش‌های گوناگون جهت تأثیرگذاری روی مخاطب این پیام را منتقل نمایند. داستان‌نویس پیشروی کرد، حسن قزلجی، تلاش کرده است به شیوه‌ی «طنز»، که شیوه‌ای متفاوت، کوتاه و مؤثر است، این پیام را بیان کند. قزلجی بر آن بوده است که از طریق طنز، جامعه را از پدیده‌های زشت و ناگوار آگاه سازد. در پژوهش حاضر سعی می‌شود شگرد ادبی طنز و نمود آن در مجموعه داستان *خنده گدا*، اثر حسن قزلجی، مورد بررسی قرار گیرد. این پژوهش از دو قسمت تشکیل شده است؛ در قسمت اول به صورت نظری مفهوم و تعریف طنز و نیز هدف طنز در ادبیات بیان شده است؛ در قسمت دوم نیز که خود دارای دو مبحث است، نخست موضوع طنز در ادبیات کردی مطرح شده است و سپس به شیوه عملی چگونگی برکارگیری این شگرد در داستان‌های مجموعه نامبرده پرداخته می‌شود.

**واژگان کلیدی:** طنز؛ نقد؛ داستان کوتاه؛ *خنده گدا*؛ حسن قزلجی.

## ١ــ پێشەکی

حەسەن قزڵجی، ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ، نووسەر و سیاسەتڤان، لە ئەدەبیاتی کوردیدا زیاتر نازناوی چیرۆکنووسی پاڵدراوەتێ. قزڵجی و کۆمەڵە چیرۆکی *پێکەنینی گەدا*، دوانەیەکی لێکدانەبڕاون. «نووسەر لە ساڵی ۱۹۱۳دا، لە گوندی قزڵجە، سەر بە شاری بۆکان، لەدایکبووە» (قزڵجی، ۲۰۱۳: ۴۲۱). قزڵجی لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و نیشتیمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دونیا هەڵێناوە. لە بنەماڵەی قزڵجیدا چەندین مەلا و پیاوی ئایینی و نووسەری گەورە و ڕۆشنبیری ناودار هەبووە. ئەو بنەماڵە گەورەیە بە گشتی لە ئێران و بە تایبەتی لە بۆکان، ناسراو و خاوەن پێگە بوون. هەر بۆیە شاعیری گەورەی

[1]. کارشناسی ارشد زبان و ادبیات کُردی، آموزش و پرورش قلادزه، کُردستان عراق
hawkarmuhamad00@gmail.com

www.SID.ir

Archive of SID

کورد؛ هێمن موکریانی، لە پێشەکییەک بۆ کۆچیرۆکەکانی *پێکەنینی گەدای* حەسەن قزڵجیدا دەنووسێت: «بنەماڵەی قزڵجی وەک بێچووەمراوی وان. هەر لە هێلکە هاتنەدەر، مەلەوانن!» (هەمان: ١٥). نووسەر لە ناو هەناوی ئەو بنەماڵەیەدا، وەک ڕیالیستێک و بە ڕێچکەیەکی تر خۆی نواند. «قزڵجی لە کۆتاییەکانی ئەیلولی ١٩٨٤، لە ژیانی بەندکراویدا لە تاران، بۆ یەکجاری سەری نایەوە و دوای خۆی گەلێک نووسین و کۆمەڵەچیرۆک و بابەتی زمانەوانی بەجیٚهێشت» (هەمان: ٤٢٢).

ئەدەب وەکوو چالاکییەکی مرۆڤ، لە هەر قۆناغێکدا بوویێت، هەنگاوی کاریگەری هەڵێناوە و مێژوو و ناوەرۆک و مەبەستی هەر دەقێکی ئەدەبی، هەڵگری بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی سەردەمی خۆی بووە. ئەو هەنگاوە پڕ لە گۆڕانکارییانەی کە لە سایەی ئەدەبەوە خۆیان دەرخستووە، کاردانەوەیان بە سەر زۆربەی چالاکییەکانی تری ژیانی مرۆڤدا هەبووە. قزڵجیش، وەکوو زۆربەی نووسەرانی تر، هەوڵیداوە پەیامی ئەدەب و بارودۆخی سەردەمی خۆی لە بەرهەمەکانیدا بنوێنیٚ. یەکێک لەو ئامانجانەی کە ئەدەب لە خۆیدا هەڵیگرتووە، بریتییە لە؛ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەرکردنی ئەو کێشانە کە کۆمەڵگا ڕووبەڕووی بووەتەوە. وەک کێشەی داگیرکاری، چەوساندنەوە، بەیەکدادانی چینەکان، نەخوێندەواری و هتد. ئەدەب بەردەوام لەو بەرەیە بووە کە قازانجی زۆرینەی خەڵکی تێدا بووە. ئەگەر دەیان ڕێگا هەبوویێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا بوونەتەوە، یەکێک لەو ڕێگایانە، بریتی بووە لە تەنز. *پێکەنینی گەدای* حەسەن قزڵجیش نموونەی ئەم جۆرە ئەدەبەیە. نەتەوەی کورد دەیان کارەسات و نەهامەتیی بەسەرهاتووە و زۆرجار ئەو کارەسات و نەهامەتییانە لە لایان داگیرکەرانەوە بووە، جاریش هەبووە کە کۆمەڵگای کوردی، هەر خۆیان ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە. چیرۆکنووس؛ حەسەن قزڵجی، لە بەرهەمی *پێکەنینی گەدا*دا ویستوویەتی بە ڕێگای تەنز و گاڵتەوگەپ و دیمەنی کاریکاتێر و کۆمێدییەوە بێتە ناو مەیدان و وەکوو گرێبەندێک، ئەو کێشانە کە بەرۆکی نەتەوەکەی گرتووە پێشانبدات و ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

### ٢ــ١ــ چەمک و پێناسەی تەنز

هەر بابەتێک لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت، پێویستە ئەو بابەتە لە ڕووی زاراوە و چەمک و پێناسەکەیەوە ڕوون بکرێتەوە و پاشان پەڕینەوەی زاراوەکەی بۆ هەر کۆمەڵگایەک بێتە بەر باسکردن. زارەوەی تەنز وەکوو زۆربەی زاراوەکانی تر، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانی ئەورووپییەکان. بەو پێیە، زاراوەی تەنز هەمان ئەو واتا گشتییەی هەیە کە ئێستا بەکاردەهێنرێت. «ئەورووپییەکان پێی دەڵێن ساتیر[1] یان سەتایەر» (مەلا موحەمەد، ٢٠١٤: ٥٨).

بە پێی ئەوە کە ئەدەبی کوردی هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا بووە، بۆ دۆزینەوەی بنچینەی زاراوەی تەنز لە ئەدەبی کوردیدا دەبێت بە دوای سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکاندا بگەڕێین چون ئەوان زووتر دەستیان گەیشتووە بەو سەرچاوە و لێکۆڵینەوە ڕەسەنانە، کە لەم بوارەدا کراون. وشەی تەنز، بنچینەکەی عەرەبییە، بەڵام عەرەب خۆی ئەم زاراوەیە بەکارناهێنێت. شاخەوان مەلا موحەممەد دەڵێت: «زیاتر ئێرانییەکان بەکاریدەهێنن. عەرەب لە بری ئەوە ئەدەبی گاڵتەجار (ساخر) بەکاردەهێنێت» (هەمان). بەڵام لە ئێستای زمان و ئەدەبی کوردیدا، بۆ ئەم جۆرە ئەدەبە، زاراوەی تەنز بەربڵاوترە و لە زمان و ئەدەبی فارسیشدا هەمان زاراوە بەکاردەهێنن.

د. شێرکۆ عەبدوڵا دەڵێت: «کورد گاڵتەوگەپ، یان ئەدەبی گاڵتەجاڕ بەکاردەهێنن، کە زۆر کتومت ئەو واتایە نابەخشێت کە وشەی تەنز دەیبەخشێت. کاتی خۆی وشەیەک هەبوو کە «تەوس»یان پیٚدەکوت. من پێم وایە تەوس و تەنز یەک ڕیشەیان هەیە. بەڵام ئەو وشەیە خەریکە بنبڕدەبێت» (عەبدوڵا، ٢٠١٨: لینک). لە فەرهەنگی *هەنبانە بۆرینە*دا، بەرامبەر بە تەوەز و حەنەک، گاڵتە و بەرامبەر بە تەوس، قسەی تیٚکۆڵ و تانە (الطعنە) داندراوە (موکریانی، ١٣٦٨: ٦٧٠). هەروەها لە فەرهەنگی *شیرینی نویٚ*ی فازیل نیزامەدیندا، وشەی «فوکاهە»ی عەرەبی بەرامبەر بە گاڵتە (شۆخی) داندراوە. (نیزامەددین، ٢٠٠٨: ٨٦٠).

لە ئەدەبی فولکلۆری کوردیدا بۆ ئەو نووسراوانەی کە بە پەخشان دەنوسرێن و پێکەنیناوین، دەستەواژەی «گاڵتەوگەپ» بەکارهێنراوە (ڕەسووڵ، ١٩٧٩: ٩٠). بەڵام ناتوانین کتومت گاڵتەوگەپ لە بەرامبەر بە زاراوەی تەنز بەکاربهێنین؛

---

1 Satire.

www.SID.ir

Archive of SID

چون تەنز چەند تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە. یەکێک لەو تایبەتمەندییانە گاڵتە و پێکەنین و بزە سەر لێو خستنە و ئەوە جیایە لە ئەرکە گەورەکەی کە ڕەخنەگرتنە. هەڤاڵ ئەبووبەکر حوسەین دەڵێت: «گاڵتەوگەپ یەکێک لە خاسییەتەکانی تەنزە. گاڵتەوگەپ بەشێکی زۆری دەچێتە خانەی ئەدەبی فولکلۆری کوردییەوە» (حوسەین، ۲۰۰۷: ۲۸٦). ئەوە زۆر گرینگە کە سنوورێک لە نێوان گاڵتەوگەپ و تەنز بکێشرێت؛ چون گاڵتەوگەپ تەنیا بۆ پێکەنینە و نموونەی ئەم جۆرە ئەدەبەش لە کوردیدا زۆرە. بەڵام تەنز جگە لە پێکەنین، ئامانجە گەورەکەی تری ڕەخنەیە. «ئەدەبی تەنز و گرِدار بریتییە لە تێکەڵکردن و پێکەوە گونجاندنی ڕەخنە و گاڵتە» (وەسانی، ۲۰۲۰: ۱۳). لە سەر زاراوەی ئەم جۆرە ئەدەبە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە بڵێین: زاراوەی تەنز لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی فارسیدا زۆرترین بەکارهێنانی هەیە. بەڵام زاراوەکانی ساخر لە ئەدەبی عەرەبی و ساتیر لە ئەدەبی ئەورووپیدا، کە بۆ ئەم جۆرە ئەدەبە بەکاردەهێنرێن، دروستترن.

هێندێک لەو پێناسانەی کە بۆ تەنز کراوە بریتین لە: «تەنز بزە و پێکەنینێکی توانجی گاڵتەجارانە و کەشێکی شاراوە و پێکەنیناوییە» (مەلا محەمەد، ۲۰۱٤: ٥۷). هەروەها «تەنز ئامرازێکە بۆ پاککردنەوە و چارەسەرکردنی کەسەکان لە ناڕەحەتی» (هەمان). «تەنز ئەو نووسینەیە کە وەرگر یان خوێنەر دەخاتە پێکەنین، بەڵام ئامانجەکەی خستنە پێکەنین نییە. ئامانجێکی بەرزی هەیە و کارایەکی یارمەتیدەرە، کە دەیهەوێت لە ڕێگای دژایەتیکردنی خراپەکاری و کەموکوڕی و شتە دزێوەکانی ناو کۆمەڵگاوە، ئەم ڕاستییە بگۆڕێت بۆ ڕاستییەکی باشتر» (عەبدوڵا، ۲۰۱۸: لینک). «تەنز وێڕای وێنەکێشانی لایەنە دزێو و نالەبار و ناقۆڵاکانی ژیان، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و داشۆریناوی، خراپە و عەیب و ناتەواوییەکانی کۆمەڵگا و ڕاستییە تاڵەکانی بە شێوەیەکی ناشیرینتر و نالەبارتر لەوەی کە هەن پێشاندەدات. هەروەها مەبەستی ئەوەیە کە سیفەت و تایبەتمەندییەکانی ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگا زەقتر و ڕوونتر وەدەرکەون و ئەو جیاوازییە گەورەی کە لە نێوان واقیعی ژیان و ئەندێشەی ژیانێکی خۆشتردا هەیە ئاشکرا ببێت» (یووسفی، ۱۹۹۸: ٥-٤). دەتوانین بڵێین؛ تەنز چەقۆیەکی تیژە. بەڵام چەقۆیەک بۆ کوشتنی مرۆڤ نا، بەڵکوو چەقۆی دەستی دوکتوور کە نە تەنیا بۆ ئازار و کوشتن نییە، بەڵکوو بۆ چارەسەرکردنە. لە تێڕوانینێکی گشتی بۆ ئەو پێناسانەی کە بۆ تەنز کراون، دەردەکەوێت؛ کە خاڵی جەوهەری تەنز، ڕەخنەگرتنە لە بەرگێکی پێکەنیناویدا. بەڵام پێکەنینێک کە لە هەناویدا ئامانجێک هەڵدەگرێت. «جیا لەوەی کە چێژبەخشە، خوێنەر دەباتە ناخی برینە ناسۆرەکانی کۆمەڵگا» (وەسانی، ۲۰۲۰: ۱۳).

بە لای فرۆیدەوە پێکەنین دوو جۆرە: «یەکەمیان پۆزەتیڤە، کە گاڵتە و شۆخی و قسەی خۆش و ئەو چەشنانە لە خۆ دەگرێت؛ کە تەنیا بۆ مەبەستی پێکەنین بەکاردێت و هیچ مەبەستێکی تری گوماناوی لە پشتەوە نییە. دووەمیان نێگەتیڤە، کە ڕەخنە و پلار و داشۆرین و سەرکۆنەکردن و ئەم شێوانە لە خۆیەوە دەگرێت؛ کە تێیاندا پێکەنین ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامرازێکی تری گوماناوی» (عومەر، ۲۰۱٦: ۱۰۹). بە پێی پۆلێنکاریی یەکەم بە لای فرۆیدەوە، پەیامی ئەدەبی پێکەنین تەنیا بۆ بزە و خۆشی دەربڕین و تەنانەت سەرقاڵەیی ڕۆژانەیە و هیچ ئامانجێکی تری لە پشتەوە نییە. دەتوانین گاڵتەوگەپی ئەدەبی فولکلۆری کوردی بخەینە چوارچێوەی ئەم پۆلێنکارییەوە. بەڵام ئەدەبی پێکەنین لە پۆلێنی دووەمدا، ئەرکی قورسترە و لە پاڵ خۆشی بەخشین، ئامرازێکە لە قۆناغێکی تردا کە دەتوانین، وەکوو بەرزترین پلەی ڕەخنەی ئەدەبی، ناوی تەنزی لێبنەین. «ئارەزووی وروژاندنی پێکەنین ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە سروشتی مرۆڤایەتیدا هەیە. ئەم خاسییەتەی مرۆڤ بەهرەیەکی زگماکە و دواتر لە ڕێگای ناوەرۆکی ئەدەب و هونەری تەنزەوە، توانرا کە خەڵک بە پێکەنین بهێنرێت» (مەلا موحەمد، ۲۰۱٤: ٦۸). «بەو پێیە، بناغەی ئەدەبی تەنز پێکەنینە. بەڵام ئەم پێکەنینە پێکەنینێکی جەفەنگ و خۆشی نییە، بەڵکوو پێکەنینێکی تاڵ و شیلگیر (جدی) و دەردەناکە» (یووسفی، ۱۹۹۸: ٥).

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئایا دەکرێت هەر نووسینێک لە بەرگێکی پێکەنیندا، پێی بکوترێ تەنز؟ یان چۆن لە نێوان تەنزی واقعیی و ئەو نووسینانەی کە مەیلەو تەنزن جیاوازی دابنەین؟ لێرەدا شێرکۆ عەبدوڵا دەڵێت: «تەنز خاسییەتی تایبەت بە خۆی هەیە کە بریتییە لە: یەکەم؛ غافڵگیری و دژێتی لە نێوان ئەو شتەی کە ڕوو دەدات. دووەم؛ زمانەکەیەتی. زمانی تەنز زمانی خەڵکە. دەبێت زمانێکی زۆر سادە بێت. ئەدەبی نوخبە نییە. لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، ئەو کۆمەڵگایانەی کە گوێگرن، زمان هەمیشە ئەو چەکە بووە کە خەڵک هەر دەم خۆیان لە پشتەوە شاردووەتەوە و بەکاریانهێناوە» (عەبدوڵا، ۲۰۱۸: لینک).

www.SID.ir

Archive of SID

کەواتە پێکەنین، گاڵتەپێکردن، توانج و تانەلێدان، کە هەر کامیان خاسییەتی تایبەتیی تەنزن، بێمەبەست و بێئامانج نین. «بۆ ئەوەیە کەمێک لە نارەحەتی و تاڵایی ژیانی ڕاستەقینە کەم بکاتەوە. هەروەها ئەم خەندەیە لە ڕووی بێبەرپرسیارەتی نییە و هەڵقولاوی بیرێکی قووڵە لە ناخەوە» (وەتمانی، ١٣٩٥).

هەڵبەت لە نێوان تەنز وەکوو شێوازێکی ئەدەبی و داشۆرین جیاوازی هەیە؛ سنووری ئەم دوو ئەدەبە ڕاستە لە یەکەوە نزیکە، بەڵام کەرەستە و شێواز و زمانی دەربڕینیان جیاوازە. جیاوازی ئەم دوو چەمکە ئەوەیە؛ کە داشۆرین بریتییە لە جنێودان و سووکایەتیکردن بە ئەوانی تر. بەڵام تەنز، ئامانجی باڵاتری هەیە کە بریتییە لە گواستنەوەی قۆناغی ئاستی کۆمەڵگا بەرەو قۆناغێکی باشتر. تەنز نابێت ببێت بە هۆی هەڵتەکاندنی نەزم و یاسا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سووکایەتیکردن بە بەها باڵاکان و نابێت خۆی لە ئایین و بیروباوەڕە پیرۆزەکان بدات. تەنز، یان ساتیر، بریتییە لە بەهێزترین دەربڕین وەکوو شێوازی ڕەخنەی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەو پێیە، تەنز بەردەوام لە بەرانبەر بە دیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵگا خاوەن هەڵوێستە و لەگەڵ ئەو خراپییانەی کە دەیانهەوێت کۆمەڵگا بە چۆکدا بدەن بەربەرەکانی دەکا. پەیدابوونی ئەم جۆرە ئەدەبە لە ئەنجامی ناتەواوییەکانی سیستەمی سیاسی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت بنەماڵەیی دێتە ئاراوە.

### ٢ـ٢ـ ئامانجی سەرەکیی تەنز لە ئەدەبدا

ئەدەب خۆی پەیامە، ئەو پەیامە دەکرێت بە چەندین ڕێگا و شێواز دەربدڕدرێت. تەنز یەکێکە لەو ڕێگا و شێوازانەی کە دەکرێت مەبەستی باڵای ئەدەبی پێدەربڕدرێت. هیچ کۆمەڵگایەک بێ کەموکوڕی و ناشیرینی نییە و تەنز لە بنەڕەتدا هەوڵێکە تا کۆمەڵگا بەگشتی لە دیاردە دزێو و ناشیرینەکان ڕزگار بکات، یان لانیکەم لە قۆناغێکدا وریایان بکاتەوە. «تەنز بەرزترین پلەی ڕەخنەی ئەدەبییە. تەنزنووس بەو مەرجەی ڕووداو و دیمەنەکان ئاوەژوو نەکاتەوە و سوود لە بنەڕەتەکانی هونەری جوانکاری وەربگرێت، دەتوانێ ئەو ڕووداو و دیمەنانە ڕوون و زەقتر لەوەی کە هەن، ڕانوێنێ و بیانخاتە ڕوو» (یووسفی، ١٩٩٨: ٦).

تەنز شێوەیەکی تایبەتە بۆ دەربڕینی ماناگەلی توند و تیژی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و ڕەخنەگرانە. تەنز حەقیقەتە تاڵەکان و ڕق لە گەندەڵیی تاکەکەس و کۆمەڵگا، کە لێدوان لەوانە بە شێوازێکی ئاسایی و جددی قەدەغە کراوە، بە لەحنێکی ناڕاسەوخۆ و لە دەڤری شۆخیدا ئاشکرا دەکات (وەتمانی، ١٣٩٥). لەو کۆمەڵگایانەی کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە داخراون و دەرفەتی دەربڕینیان بەرتەسکە و ئازادییە تاکەکەسییەکان قەتیسکراون، تەنز وەک بەدیلێک دێتە مەیدان و ئەوەی کە مەبەستە، ناڕاستەوخۆ و لە ژێر پەردەدا دەیدرکێنێت. هیچ کۆمەڵگایەک نییە کە پێویستیی بەم جۆرە ئەدەبە نەبێت و لە سەردەمی ئەمڕۆدا، تەنز یەکێکە لە بابەتە کاریگەرییەکانی گرێبەندکردن. ڕۆماننووسی ناوداری ڕووسی، فیۆدۆر داستایوفسکی[1] (١٨٢١-١٨٨١)، دەیکوت: «تەنز دوا مەنزڵگای گەلێکی خاکی و سادەیە. کەواتە مەگەر هەر هونەر و ئەدەبیات و نووسینی تەنزئامێز بتوانن مەینەتییەکانی گەلێک بە گشتی و تاکێک بە تایبەتی گرێبەند بکەن». فەیلەسووفی ئەڵمانی، فریدریک هێگڵ[2] (١٧٧٠-١٨٣٠ز) دەڵێت: «تەنز دەربڕینی پێداویستییە کەسی و مرۆڤییەکانە، بۆ ئازادی و سەربەخۆبوون لە ئەو پەڕی لووتکەدا». کەواتە هەم گەلێک بە گشتی وەکوو داستایوفسکی دەڵێت، هەم تاک وەکوو هێگڵ ئاماژەی بۆ دەکات، دەتوانن لە ڕێگای تەنزەوە، بە شێوەیەکی کاریگەر، بارودۆخی کۆمەڵگا و ناخیان گرێبەند بکەن (زراری، ٢٠١٩: ٣٥٠).

لە کۆمەڵگایەک کە پڕ بێت لە دەرهاویشتەی خراپ و سیستەمی سیاسییەکەی کەلێنی تێدابێت، تەنز لە پێناو چاککردنی ناڕێکییەکان، لە ڕێگای ڕەخنەیەکی پێکەنیناویی ئامانجدار دێتە مەیدان. ڕەنگە بۆ دەروونی تێکشکاوی تاکی کورد و بە تایبەت نەتەوەی کورد، کە مێژوویەکی هەیە؛ پڕ لە کارەسات و قوربانی و دەربەدەری و ئەنفال و کیمیاباران و شەڕی ناوخۆیی، ئەدەبێکی لەم شێوەیە پێویست بێت. «ڕەنگە تەنز، لە هەموو کەس و کۆمەڵگایەک زیاتر بتوانێ بارودۆخە مرۆڤییەکانی تاک و کۆمەڵگای ئێمەی کورد گرێبەند بکات؛ ئەو بارودۆخەی کە هەم پێکەنیناوییە هەم کارەساتبار» (هەمان).

---

[1] Fyodor Dostoevsky.
[2] Friedrich Hegel.

www.SID.ir

Archive of SID

ناکرێ تەنز لە چوارچێوەی بەرتەسکی گاڵتەوگەپدا قەتیس بکرێ، بەڵکوو دەبێ ئەو ئامانجە کە تەنز خۆی لە سەر بنیاتناوە ڕەچاو بکرێ؛ مەبەست لەو ئامانجە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، یان سازدانی زانیاریی گشتی بۆ گۆڕانکاری، یان لانیکەم چاکسازی کۆمەڵایەتییە، کە هەمان ئەو ڕێبازەیە کە ساتیر لە ڕۆژئاوا پەیڕەوی لێدەکات. «هەڵبەت هەر کاتێک تەنز لە ڕێبازی بنەڕەتی خۆی؛ کە خەباتکردن لە دژی لاڕێبوون و هەڵخلیسکانە کۆمەڵایەتییەکانە هەتەڵە بێت، ئەوە لە تەنز دەشۆڕێت و نووسەرەکەشی لە کۆمەڵدا پلە و شوێنی خۆی لەدەستدەدات» (یووسفی، ۱۹۹۸: ۸).

ئامانجێکی تری تەنز کاریگەری و لێکەوتەکانییەتی لە سەر کۆمەڵگا. هەروەها سیاسەتیش دەتوانێ یەکێک لەو ئامانجانە بێت. چون تەنزنووس بە جۆرێک دەنووسێت کە کاریگەری لە سەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەجێبهێڵێت. هەندێ لەو تەنزنووسانە، نەک تەنیا کاریان لە جەماوەر کردووە، بەڵکوو کاریگەرییەکانیان گەیشتووەتە ئاستی دەسەڵات. «بۆ نموونە لە شەستەکانی سەدەی بیستەم، تەنزنووسێکی بەناوبانگ لە عێراق هەبوو کە بە شەهیدی شوعی ناسراوە. ئەو عەبدولجەبار وەهبی، سەرکردەی تەنزنووسی شیوعی، بوو کە ستوونێکی لە دوا لاپەڕەی *اتحاد الشعب* بە ناوی «کلمه الیوم» هەبووە و لەو گۆشەیەدا، بە شێوەیێکی تەنز دەینووسی. ڕستەکانی سادە بوون، بەڵام مانایەکی قووڵیان هەبوو. ئەم نووسەرە توانایییەکی بەرزی لە دەستنیشانکردنی دیاردەی خراپ و نەرێنی هەبووە و بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئامانج ببەستێتەوە، بابەتەکانی بە حیکایەتی نەتەوایەتی گرێدەدایەوە. کاریگەریی نووسینە تەنز ئامێزەکانی ئەو نووسەرە بە جۆرێک بووە، کە عەبدولکەریم قاسم، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی عێراق، گوتوویەتی: «گوللەکانی- رأس القریه — عەبدولجەبار وەهبی، نەک نووسینەکانی عەبدولجەبار وەهبی» (وەسانی، ۲۰۲۰: ۱۳). لەوەڕا بە ئاشکرایی دەردەکەوێت؛ کە ئەرک و ئامانجی تەنز ڕەخنەگرتنە. بەڵام ڕەخنەیەک کە شکاندنی نەزم و یاساکان و ئەتککردنی بەرامبەر و شکاندنی پیرۆزییەکان نەبێ. بەڵکوو مەبەستێک بێ بۆ باشترکردنی ئەو دۆخەی کە لە بەردەم نووسەر دایە. نووسەریش لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ئەدەبە نییەتی پاکی خۆی نیشانی هاونیشتیمانیان دەدات و ئەو پەیامە دەخاتە بەر گوێیان کە ئەدەب، لە کۆمەڵگاوە لەدایکبووە و دوجاریش بۆ خزمەتی کۆمەڵگا دەچێتەوە.

### ۳ــ۱ــ تەنز لە ئەدەبی کوردیدا

پێش ئەوەی دەرگا بە ڕووی تەنز لە ئەدەبی کوردیدا بکەینەوە، پێویستە باس لە مێژووی ئەم جۆرە ئەدەبە بکەین. چەند بۆچوونێک لەم بارەوە خراونەتە ڕوو. هەندێکیان مێژووی تەنز بۆ دەقە ئەدەبییە کۆنەکانی یوونان دەگەڕێننەوە، بە تایبەت شانۆی کۆمێدیا (برایم، ۲۰۱٤: لینک). «یوونانییەکان لەو جۆرە حیکایەتە تەنز ئامێزانەیان زۆرە و لەمەڕ خەڵکانێک دەدوێن کە بەرهەمی ماندووبوونی خۆیان دەرخواردی کاهینان و دەست و پەیوەندی پەرستگای خوایە درۆییەکانیان دەدا» (یووسفی، ۱۹۹۸: ۱۲). هەندێکی تر لە لێکۆڵەرانی تەنز، چیرۆکی تەنزی پێکەنیناوی و توانج و تەشەری سیاسی دەگەڕێننەوە بۆ فەرهەنگی هیندی و لە ناویشیاندا ئاماژە بە *پنجەتنترا*[1] دەکەن کە لە *کلیله و دمنەوە* وەرگیراوە و لەودا چیرۆکی گەمژەییەکانی برەهەمنان[2] هاتووە. بەرهەمێکی تریش کە ناکرێت لە بیر بکرێت *ئۆقیانووسی ئەفسانەیە*، کە بە زمانی سانسکریتی لە نیوەی پانزدەهەمی زایینی لە لایەن سومێدیا[3]ـوە نووسراوە. بەشی زۆری ئەم چیرۆکە تەنزە کۆنانە، گەمژەیی گەمژان دەردەخات و خەڵک کاتەکانی خۆیانیان پێ بەسەر بردووە و بوونەتە دەستەچیلەی گوێ ئاگردانی ئەو زەمانە دوورانە کە بوارەکانی سەرقاڵبوون تێیاندا کەم بوون یان هەر نەبوون. لە ئەدەبیاتی ئێرانیشدا، لەمەڕ گەمژەیی گەمژان گەلێک هاتووە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا هەژموونیی ئەدەبیاتی هیندی بۆ ناو ئێران سەرەو لێژ بووەتەوە و ئێرانییەکان ئەوەی کە لەگەڵ میزاجی خۆیاندا دەهاتەوە ڕەنگ و بۆیەکی ئێرانیان پێدەدا و تێکەڵی ئەدەبیاتی خۆیانیان دەکردەوە. دوای سەرهەڵدانی و فراژووبوونی ئیسلام، چیرۆکی گەمژان، ڕێگای خۆی لە نێو شیعری شاعیران و مەعاریفی ئێراندا کردەوە.

---
[1] Tantric Puja.
[2] Brahmanan.
[3] Somedya.

www.SID.ir

Archive of SID

مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، عارفی ناودار، مەسنەوییەکەی خۆی لە سەر ئەو شێوازە داڕشتووە و ڕواڵەتی گەمژەیی کەبیر و ئارەزووبازی پێدەرخستووە. تەنز لە ئایینی ئیسلامیشدا بایەخی پێدراوە و تەنانەت *قورئان*ی پیرۆزیش پشتگوێی نەخستووە. پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، وەکوو بەکاربردنی ئوسلووبی تەنز، لە وەڵامی پیرەژنێکدا کە پرسیاری چوونە بەهەشتی خۆی لێکردبوو فەرمووی: «پیرەژن ناچنە بەهەشت» و پیرەژن دڵگران دەبێت. پێغەمبەر (د.خ.) بانگی دەکاتەوە و پێی دەفەرمێ: «بۆیە وام پێ کوتی چون؛ کەس بە پیری ناچێتە بەهەشت. بەڵکوو هەموو گەنج دەبنەوە» (هەمان، ١٣).

لە زۆربەی وڵاتاندا تەنزنووسین لووتکەی هەرە بەرزی ئەدەبیاتی گرتووە. لە سەر ئاستی تاکەکەسیش نموونەی چەندین ئەدیب و نووسەری بواری تەنز لە ئاسمانی ئەدەبیاتدا دەدرەوشێتەوە. بۆ نموونە: عەزیز نەسین، بە یەکێک لە باشترین نووسەرەکانی جیهان دەناسرێت و یەکێکە لە لووتکەکانی ئەدەبی تورکی، بە تایبەتی لە بواری تەنز و نووسینی کۆمێدیای ڕەشدا. عەزیز نەسین شێوازی نووسینەکانی زۆر سادە بوون و واقیعی تورکیای نووسیوەتەوە. تەنزەکانی ئەو بۆ زۆربەی هەرە زۆری زمانە زیندووەکانی دونیا وەرگێڕدراون و لە وڵاتی ئێمە ناوبانگی زۆری پەیداکردووە. هەروەها لە ئەدەبیاتی جیهانیدا کەس نییە شان لە شانی گۆنتەر کراس بدا. ئەو خاوەنی کتێبی *تەپڵی تەنەکەیە* کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە لە بەشی ئەدەبیاتی تەنزدا و بە کوردیش وەرگێردراوەتەوە. (هەمان، ١٤)

تەنز لە ئەدەبی کوردیدا، وەکوو کەرەستەی لێکۆڵینەوە، کەمترین ئاوڕی لێدراوەتەوە. بەڵام وەکوو خودی ئەدەب، ئەوەی کە پێی دەکوترێت ئەدەبی تەنز، لە ئەدەبی زارەکی و لە ناو شیعری چەندین شاعیر و تەنانەت لە ناو پەخشانیشدا بەرچاو دەکەوێت. «بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێینەوە بە ناو نووسین و دەقەکانی شاعیر و نووسەرە کۆنەکاندا، کەمتاکورتێک دەقی تەنزیمان هەبووە بۆ وێنە حاجی قادر و مەولەوی و نالی و گۆران و هتد، کە بە شێوەی وێنەی شیعری لە شیعرەکانیاندا دەیبینیت» (عەبدوڵا، ٢٠١٨: لینک).

یەکێک لە پرسە گرینگەکانی جێگەوپێگەی تەنز لە ئەدەبی کوردیدا ئەوەیە کە؛ بۆچی تەنز نەبووە بە ئەدەبێکی سەربەخۆ؟ یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی تەنز ڕەخنەیە. ئایا شاعیران و نووسەرانی کورد نەیانتوانیوە ببن بە ڕەخنەگر؟ یان ئاگاداری ئەم جۆرە ئەدەبە نەبوون؟ ئایا ئەدەبی تەنز هیچ پلەیەکی نەبووە لای ئەوان؟ مێژووی ئەدەبی کوردی بە پێی قۆناغە یەک لە دوای یەکەکان، لە ناوەرۆکدا هەڵگری تێڕوانینی جیاواز بووە و لە کوێ پێویست بووبێ دەقی ڕەخنەیی بوونی هەبووە. بەڵام نەگەیشتووە بە ئەو ئاستەی کە ئەدەبێکی سەربەخۆ بووبێت و پێیبکوترێت؛ ئەدەبی تەنز. «مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەدەی بیستەمدا زۆرترین تەنزی لە خۆ گرتووە. بە تایبەتی بەشێکی زۆرتری شیعری دوای جەنگی جیهانی یەکەم و شیعری شاعیرانێک وەکوو: بێکەس، قانیع، ئەخۆل و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، پڕ بوون لە تەنز و هەجو. جگە لەوە، هەر لەو سەردەمەدا، بە دەر لە شیعر، بەشێکی تەنز و بەسەرهاتە سەیر و سەمەرەکان بە شێوەی پەخشان بوونی هەبووە. بۆ وێنە: *ڕشتەی مرواری*، بەرهەمی عەلائەدین سەجادی. ئەم سەدەیە، لە مێژووی ئێمەدا، سەدەی گواستنەوەی ئەدەبیاتی تەنز لە تەنزی زارەکییەوە بۆ تەنزی نووسراوە بە ئەژمار دێت» (وەتمانی، ١٣٩٥).

بوونی ئەو جۆرە دەقانە لە ئەدەبی کوردیدا بەو مانایە نییە کە شاعیران و ئەدیبانی کورد ئاگاداری ئەم جۆرە ئەدەبە بوون و شیعریان بۆ ئەم مەبەستە نووسیوە. بەڵکوو وەکوو ئامرازێک بۆ ڕەخنەگرتن بەکاریانهێناوە. ئەم جۆرە شیعرانە لە ئەدەبی کوردیدا، بە تایبەت لە ئەدەبی زارەکیدا بە شێوەی ڕستەی کورت و شیعر و پاشان بە شێوەی پەخشان دەرکەوتوون. «شایەنی باسە زۆربەی نووسەر و ئەدیبانی کورد، توانای خۆیان بۆ شیعر و ڕۆمان و چیرۆک تەرخانکردووە و زۆر کەمتر لایان لە ئەدەبی تەنز یان ساتیر کردووەتەوە. هەر بۆیە لە مەیدانی ئەدەبی کوردیدا، هەر نووسەر و ئەدیبێک ناوی خۆی لێدەنرێت، وەک شاعیر و ڕۆماننووس و چیرۆکنووس. بەڵام کەمتر ناوی تەنزنووسمان گوێ لێدەبێت. ئەمەش وای کردووە کە ئەوانەی تەنز یان ساتیر دەنووسن دەگمەن بن» (وەسانی، ٢٠٢٠: ١٣). بەڵام ئێستا بە هۆی کرانەوە و ئاگاداربوونەوەیەک کە لە نێوان ئەدەبی گەلانی جیهاندا هەیە،

www.SID.ir

Archive of SID

تەنز لە ئەدەبی کوردیشدا لە سەرەتایەکی ساوا دایە. لەوانەیە بەشێکی سەرەکی هۆکاری پاشکەوتوویی ئەم جۆرە ئەدەبە لە نەتەوەی کوردا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەم ئەدەبە بریتییە لە ڕەخنەگرتن و دەسەڵاتی سیاسی لە هەر قۆناغێکدا بووبێت هەوڵی بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکانی ئەم جۆرە ڕەخنانەی داوە. هەر بۆیەش ئەم جۆرە ئەدەبە بەرەو کزی و لاوازی هەنگاوی ناوە. د.شێرکۆ پێی وایە: «ئازادی پێوەرێکی گرینگە بۆ ئەم جۆرە ئەدەبە» (عەبدوڵا، ۲۰۱۸).

وەک زراری ئاماژەی بۆ کردووە، «لە کۆتایی سییەکاندا بەدیاری‌کراوی لە ساڵی ۱۹۳۹دا، محەمەد مستەفا کوردە، کتێبی *مەلا مەزبوورە* دەنووسێت و بڵاوی دەکاتەوە. پاشان لە ساڵی ۱۹۴۷ حاجی تۆفیق بەگی پیرەمێرد، کتێبی *گاڵتەوگەپ* بڵاو دەکاتەوە و لە ساڵی ۱۹۵۳ـش عەلائەدین سەجادی (۱۹۰۷- ۱۹۸٤) یەکەم بەرگی *ڕشتەی مرواری* بڵاو دەکاتەوە، کە دواتر هەشت بەرگی دیکەی بە دوادا دێت و دەبێتە یەکێک لە دەوڵەمەنترین کتێبەکانی بواری تەنز لە ئەدەبیاتی کوردیدا. بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی ۱۹۹۱ـەوە، وەکوو زۆر بواری دیکە، هەوڵەکانی نووسینی تەنز و کۆمێدیا، چ لە ڕێی وەرگێڕان بێت، یاخود لە ڕێی نووسین، فراوانی زیاتری بە خۆیەوە بینی» (۲۰۱۸: ۲۷). بە خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە باسمان کرد، دەردەکەوێت کە تەنز کەرەستەیەکی سەرەکی لای نووسەرەکانیان نەبووە، بەڵکوو بەشێکی زۆری ئەو نوسراوانە دەچنە خانەی ئەدەبی پێکەنینەوە. کە ئەمەش تایبەتمەندییەکە لە ئەدەبی تەنزدا، نەک ئەدەبێکی تەنزی تەواو. کەواتە ئەم بەرهەمانە زیاتر گاڵتەوگەپ و قسەی نەستەق و پەند و بەسەرهات و سەرگوزشتەی بەشێک لە ژیانی خۆیان بووە. بۆ نموونە پیرەمێرد لەمەڕ بەرهەمەکەیەوە؛ *گاڵتەوگەپ* دەڵێت: «ئۆخەی خوایە ئەوە منم وا دانیشتووم بە زبانەکەی خۆمان لاپەڕەی زیندەگانییەکانی ئێلەکەم دەنووسمەوە؟! بۆ من چی لەوە خۆشترە... هاتم لە پێشەوە گاڵتەوگەپم لە ژیان و ژین هەڵبژارد و فورمەفورمە لە چاپی ئەدەم و دەی فرۆشم» (پیرەمێرد، ۱۹٤۷: آ). هەروەها عەلائەدین سەجادی لەمەڕ بەرهەمەکەی؛ *ڕشتەی مرواری* دەڵێت: «قەومەکانی تر هەموو شتێکیان کوتووە و نووسیویانەتەوە. ئیتر چاک بووبێتن یان خراپ نەیانهێشتووە سەریان تیا بچێ. منیش لەبەر ئەمانە هاتم لەم سەرگوزەشت و پەندانە بە ئەندازەی دەسەڵات و بگرە زیاتر لە دەسەڵاتیشم لێ کۆکردنەوە و حەزم کرد لەم ڕەوشەوە کتێبێکمان ببێت» (سەجادی، ۱۹۵۷: ۵).

لە ئەدەبی کوردیی کوردستانی عێراقدا، بەدیاری‌کراوی دوای ڕاپەڕین، ئەگەر ئێمە باسی تەنز و تەنزنووس بکەین نابێت عومەر یووسفی فەرامۆش بکەین. بە پێی زانیارییەکانی ئێمە، ئەو یەکەمین کەسە کە دوای ڕاپەڕین یەکەمین نامیلکەی خۆی بەناوی *گۆنگەڵ* (یوسفی، ۱۹۹۱: ۱) نووسیوە و ئەم بەرهەمە بە تەواوی دەچێتە خانەی ئەدەبی تەنزەوە. جگە لەم بەرهەمەی، چەندین بەرهەمی تریشی هەیە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە. نووسەر دەڵێت: «تەنز لە وەڵاتی کوردەواری خۆشماندا لە سەرەتایەکی زۆر ساوا دایە و گەشەیەکی وای نەکردووە. وەکوو نامیلکەی سەربەخۆ، تا ئێستا جگە لەو سێ نامیلکەی من؛ *سەردانی سیاسەتمەدار*، *گۆنگەڵ* و *پاسەکەی قەڵادزێ*، کە ئەوانیش بێ کەموکوڕی نەبوون، شتێکی دیم وەبەرچاو نەهاتووە» (یووسفی، ۱۹۹۸: ۱۱). لە بەرهەمی زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کورددا، چ لە ڕێگای شیعرەوە یان پەخشان، بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە شاعیران و نووسەرانی کورد پێیدا تێپەڕیون، بابەتی ڕەخنە بەشێک بووە لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان. ئەم جۆرە ڕەخنانە جار ئاراستەی داگیرکەر یان دەسەڵاتی خۆماڵی کراون یان زۆرجار ڕەخنەگرتن بووە لە دابونەریتە ناشیرین و باوەکانی گۆمەڵگاکەیان و هێندێک جاریش ڕەخنەگرتن بووە لە توێژ و چینەکانی کۆمەڵگا؛ وەکوو مەلا و شێخ و دەوڵەمەند و ئاغا و دەربەگەکان. هەروەها بەشێکی زۆری ئەم ڕەخنانە لە ڕێگای تەنز و گاڵتەوگەپ و زۆرجاریش بە شێوەی هەجو دەربڕاون.

### ۳ــ۲ــ لایەنی پراکتیکی تەنز لە چیرۆکەکانی *پێکەنینی گەدای* حەسەن قزڵجیدا

*پێکەنینی گەدا* دەستەواژەیەکە کە ڕاستەوخۆ بە دوای ناوی نووسەر؛ حەسەن قزڵجییەوە دێت، کە بریتییە لە کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتی ڕیالیستی کە بەیەکدادانی چینەکانی ناو کومەڵگای کوردی باس دەکات. حوسەین عارف، لە وتارێکیدا

www.SID.ir

Archive of SID

بە ناوی «حەسەن قزڵجی لە پێکەنینی گەدا دا» دەڵێت: «پێکەنینی گەدا کەی حەسەن قزڵجی، ئەدەبێکی بە مانایەک چینایەتییە. ئەدەبێکە کە نووسەرەکەی بە ئاگا و هۆش و هۆشیارییەوە، بە پێی نەخشەی ڕێبازێکی ئایدۆلۆژی تایبەتی و بۆ ئامانجێکی چینایەتی نووسیوییەتی. واتە؛ ئامانجی پشتگیری کردن لە چینێک و بەگژداچوونی چینێکی تر. ئەو دوو چینە کامانەن؟ یەکەمیان: چینی چەوساوەکانە.. چینی زەحمەتکێشانی لادێ. دووەمیان: چینی چەوسێنەرەکانە. چینی دەرەبەگ و لەگەڵیدا ڕژێمی کۆنەپەرست، بە دامودەزگاکانییەوە. ژمارەی ئەو چیرۆکنووسانەمان کە لەمەڕ زەحمەتکێشانی لادێ و ژیانی سەخت و پڕ لە کوێرەوەرییان و هەروەها زۆر و جەور و ستەمکاریی بازرگانە چاوچنۆکەکان و ناپاکی و بێویژدانیی کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانەوە بەرهەمیان بەدەستەوەداوە، کەم نین» (قزڵجی، ۲۰۱۳: ۳۵۰).

بە خوێندنەوەی تەواوی چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدای حەسەن قزڵجی، لەوە تێدەگەین کە شوێن و کارەکتەرەکانی ئەم کورتە چیرۆکانە هی ناو کۆمەڵگەی کوردەوارین و ڕۆڵی کارەکتەرەکان، ڕۆڵی چینە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگان. «پاڵەوانی چیرۆکەکانی قزڵجی، هیچ کامیان بۆ خوێنەری کورد نەناسیاو نین و هەموویانی لە چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری هەڵبژاردووە. کارەساتی ژیانی وانی بە کوردییەکی ساکار، بە زمانێک کە هەموو کوردێکی نەخوێندەوار و ساویلکە لێی حاڵی بێ، شی کردووەتەوە. خوێنەری کورد تێدەگا؛ کە مامۆستا قزڵجی تا چ ڕادەیەک شارەزای زانستی دەروونناسییە و چۆن ڕۆحی پاڵەوانەکانی ناسیوە و چووەتە ناخی هەناو و دەروونیانەوە» (هەمان: ۱۷).

لە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی قزڵجیدا، شتێک کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت ئەوەیە؛ کە خوێنەر لە ناوەڕاستی پێکەنین و گریان دەخولێتەوە و زۆرجار ئازار و مەینەت دایدەگرێت. بەڵام لە ناکاو پێکەنین بۆ لای خۆی دەکێشێت و خوێنەر دەیهەوێ پێبکەنێت و بێئۆقرەیی باڵی بە سەردا دەکێشێت. ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە؛ کە هیچیان لە ناو هیچیاندا ون نابن. هەروەها خوێنەر لە تەوابوونی خوێندنەوەی هەر چیرۆکێکدا، وێنەیەکی جووڵاوی بۆ دروست دەبێت لە نێوان بەزەیی و تووڕەبووندا. زۆرجار پێکەنین و تووڕەبوونەکانیش لە ڕێگای ڕەخنەی شاراوەی کارەکتەرەکانەوە، بەرامبەر بە زوڵم و ستەم و کۆنەپەرستی و فرتوفێڵی ئاغا و دەرەبەگ و مەلا و دەروێش و کاربەدەستی دامودەزگاکانی حکوومەتەوە دەردەبڕدرێت.

کاتێک دەڵێین پێکەنین، مەبەست پێکەنینێکی گاڵتەجاڕی و بۆ کات بەسەربردن و سەرقاڵبوون و خۆشی نییە. بەڵکوو مەبەست پێکەنینێکی تاڵە. پێکەنینێک بۆ دیاردە دزێو و ناشیرینەکانی ئەو سەردەمەی مرۆڤەکان! وەک چۆن هێمن موکریانی لە پێشەکی بۆ کۆمەڵە چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا دەڵێت: «خوێنەر پاش خوێندنەوەی زۆربەی چیرۆکەکان پێکەنین دەیگرێ. بەڵام چ پێکەنینێک؟ پێکەنینێکی تاڵتر لە کەکرە» (هەمان). پێکەنین سەرتاپای چیرۆکەکانی گرتووە. نووسەر زۆر شارەزایانە ناونیشانی پێکەنینی گەدای بۆ کۆی چیرۆکەکانی هەڵبژاردووە. ئەگەرچی ناونیشانی یەکێک لە چیرۆکەکانە، بەڵام گواستنەوەی بۆ تەواوی چیرۆکەکان بە مەبەست بووە و دەیهەوێت پێکەنینی تەواوی چیرۆکەکانی ترمان پێشانبدات. «ئەرکی ناونیشان زۆر گرینگە لە چیرۆکدا. چون کلیلی چوونە ناوی هەر بابەتێکە و بەهایەکی هێماناسی هەیە و نوێنەرایەتی دەق و ڕووکاری دەق دەکات. توێژەرانی ئەدەبی پێیان وایە ناونیشان پەیامێکی زمانەوانییە بە ناسنامەی دەقەکە و دەرخەری ناوەرۆکی دەقەکە دادەنرێ و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و بە گوێرەی جۆری بابەتەکەیە» (زراری، ۲۰۱۸: ۲۷).

«حەسەن قزڵجی وەک چۆن ناوەرۆکی چیرۆکەکانی بە گشتی باسوخواسی زەحمەتکێشانی لادێیە و ئەمەیان پێوە بووەتە نیشانەیەکی تایبەتی، هەروەها گاڵتەجاڕی و تەوس و پلارتێ گرتنیش بە گشتی بووەتە نیشانەیەکی تایبەتی بە شێوەی نووسینییانە. قزڵجی دەبێتە یەکەمین چیرۆکنووسمان کە لە شێوەی دەربڕیندا، ئەم ڕێبازەی لە لا جێگیر دەبێت و لە سەری دەڕوا» (قزڵجی، ۲۰۱۳: ۳۷-۳۵). هەوڵی ئێمەش لەو تەوەردا دەستنیشانکردنی تەنزە لە چیرۆکەکانی پێکەنی گەدا دا. بەڵام بۆ ئەوەی توێژینەوەکەمان درێژ نەبێتەوە، تەنیا ئەو چیرۆکانە وەردەگرین کە تێیاندا تەنز بەهێزە. ئەم چیرۆکانە بریتین لەمانە: پێکەنینی گەدا، عادەتی بازاڕ، بیهێنە ئە،ما ناوی مەبە، خەمڵی پەموو، سەرفیترە.

www.SID.ir

Archive of SID

### ۳ـ۲ـ۱ـ پێکەنینی گەدا

ئەم چیرۆکە باس لە کارەکتەر؛ حەمە ڕەشی جووتیار دەکات کە لە گوندەوە بۆ شار، بە مەبەستی دۆزینەوەی کار و پەیداکردنی پارە کۆچ دەکات. ئەم جۆرە کۆچانە پرسێکی گرینگ بوون و بەردەوام بوونیان هەبووە. جێهێشتنی شارەزوور و ڕۆیشتنی حەمە ڕەش لە برسان بۆ هەڵەبجە، دوای ئەوەی ژنەکەی و کورەکەی مردن، چاری ناچار بوو. هەروەک گێڕەر دەڵێت: «پاش چەند ڕۆژ حەمە ڕەش لە هەڵەبجەوە سەریهەڵدا. بەم حاڵەوە دەچووە ناو بازاڕ داوای کاری دەکرد. بەڵام کاری چی؟ خەڵک کرێکاری دەویست هەر لە بەیانییەوە تا ڕۆژئاوا پشوونەدا و وەکوو خولخولە هەڵخولێ. گەلێ لەوانەی بۆ کرێکار دەگەڕان، کە حەمە ڕەش داوای کاری دەکرد سەریان ڕادەوەشاند و دەڕۆیشتن. لەبەر خۆیانەوە دەیانگوت: «کرێکاری چاکی! نۆرەی ئەوەیە لە کارەکەمدا بمری، کفن و دفنی تۆشم بە ڕیشەوە بێ!» » (هەمان: ۲۰). لێرەدا چیرۆکنووس تانە لەو یاسا ناشیرین و دزێوانە دەدات کە لە شاردا هەیە؛ بێبەزەیی و بێڕەحمیی خاوەنکار و دەوڵەمەندەکانی شارە بەرامبەر بە کرێکارەکان کە دەبێت وەکوو خولخولە لە بەیانییەوە تا ئێوارە بۆیان هەڵخولێن. چیرۆکنووس وێنەی ئەو دیاردە ناشیرین و نالەبارانەی شارمان بۆ دەگوازێتەوە و پێشانماندەدات کە خاوەنکارەکان چەند چاوچنۆک و ڕەزیلن.

حەمە ڕەش، کەسایەتی چیرۆکەکە ، ماوەیەکی زۆر لە هەڵەبجە بۆ کار دەگەڕێت و نایدۆزێتەوە. ئەگەرچی هەمیشە لە گوند وا فێربووە بە دەستی خۆی کار بکات و ڕەنجی شان و بازووی خۆی بخوات، بەڵام نەبوونی کار و برسییەتی تینی بۆ دێنێت و لە هەلی بەدەستهێنانی کار و پەیداکردنی بژێوی ژیانی، ناچار دەبێت دەستپانبکاتەوە و ببێت بە سواڵکەر و فێری گەدایی دەبێت. گێڕەر دەڵێت: «حەمە ڕەش بە درێژایی ژیانی کوڕی ناو مەزرا و شیناوەرد بوو. بە شان و باهووی خۆی ژیابوو. ئەو گەوزەی ئەو لە دەرەوەدا دەیوەشاند کەم پاڵەوان هەبوو بیوەشێنێ. ئێستا کە تووشی ڕۆژێکی ئاوا ڕەش هاتبوو وای وەڵام بدەنەوە، کزە لە جەرگییەوە دەهات. ئانەکانی وەرنەدەگرت و هەموو جارێ دەیگوت: لالۆ! من گەدایی ناکەم. داوای کار دەکەم. بەڵام ئاگری برسییەتی کە بڵێسەی سەند، ئازا و خوێڕی وەکوو یەک دەسووتێنێ. کە زانی کەس بە کرێی ناگرێ، ناچار چەند ئانەیەکی وەرگرت و دوو سێ کولێرەی کڕی» (هەمان).

ئەو هەڵگەڕانەوەی حەمە ڕەش لە کەسێکەوە کە سەردەمێک بە پەنجە و دەست و بازووی خۆی نان و بژێوی ژیانی خۆی پەیدا دەکرد و ئێستاش لە ناچاری و هێرشی برسییەتی گەدایی دەکات، هەروەها هەڵوێستی خەڵکی شار لەمەڕ حەمە ڕەش، پەیامی چیرۆکنووسە. چیرۆکنووس وێنەی ئەو دیاردە دزێوەمان بۆ دەکێشێت؛ کە تا ئێستاش سیستەمی دەرەبەگایەتی چۆن مرۆڤی کردووەتە کۆیلەی خۆی و ڕەخنەی توند لەوە دەگرێت؛ کە لە سایەی ئەم جۆرە سیستەمەدا هەژارەکان لە هەر جێگەیەک بن هەر هەژارن. جگە لە برسییەتی، کێشەی شوێنی مانەوەش بەرۆکی حەمە ڕەش بەرنادات. لەم هەموو شارە گەورەیە کەسێک نییە بیگرێتە خۆی و شوێنێکی بۆ دابینبکات. شوێنێک هەر هیچ نەبێت لە ئاستی ڕێزی مرۆڤ بوونیدا بێت. پاشان حەمە ڕەش ئاشنایەتی لەگەڵ کەسێکی هەژار پەیدا دەکات و کابراش ئەوەی شک دەبات؛ هەر تەنیا ئەو حەمامەیە کە هەژارەکە توونی لێ تاودەدات. شوێنێک کە شایستەی ئاژەڵەکانیش نییە. هەروەک گێڕەر دەڵێت: «وەک شوێنگەڕێکی چاک شوێنی دووکەڵی هەڵگرت تا دۆزییەوە. دووکەڵەکە لە کونێکی ڕەشی گەورەی وەکوو ئەشکەوت دەهاتە دەرێ. خۆی کرد بە کونەکەدا. لە ناو چڕەدووکەڵدا تارماییی کابرایەکی دی کە پەیتاپەیتا ئاگرەکەی خۆشدەکرد. سڵاو و ماندوونەبوونی لێکرد و پرسی:

www.SID.ir

Archive of SID

«-لالۆ ئەم ئاگرە چییە وا بێوچان هەر خۆشی دەکەی؟

ئاگر خۆشکەر کوتی: براکەم ئەمە تونی حەمامە. کاری من ئەوەیە ئەم تونە تاودەم.

حەمە ڕەش: لالۆ وەرە پیاوەتی بکە لە ڕێی خودادا جێم بکەرەوە شەو لێرەدا بحاوێمەوە. با لە سەرمانا ڕەق نەبمەوە.

توونچی: براله توونی حەمام پاڕانەوەی بۆ چییە؟ وەرە هۆ لەو قوژبنە پاڵ کەوە» » (هەمان: ۲۱).

جارێک پاڕانەوە بۆ پەیداکردنی نانی گەدایی و جارێک پاڕانەوە بۆ دەستکەوتنی شوێنێکی لەم شێوەیە لەم شارە گەورەیەدا، پێشاندانی پیسی و بێبەزەیی پیاوانی شارە. بەڵام بەیەک گەیشتی دوو هەژار لەو شوێنەدا ئەوەمان پێدەڵێت؛ کە چۆن کەسانی تریش قوربانی دەستی ئەم بازرگان و دەوڵەمەندانەی شارن. حەمە ڕەش بەم شێوەیە؛ دوای ماوەیەک مانەوە لەم شوێنە، لە ڕۆژێکی زۆر ساردی زستان کە بەفر کرێوەی دەکرد، دیسان هەروەک ڕۆژانی پێشوو، برسییەتی تینی بۆ دێنێت و بە هۆی ئەم سەرمایەشەوە ناتوانێ بچێت بۆ بازاڕ. کەواتە ناچار دەبێت بۆ پەیداکردنی ژەمە خواردنێک ئەمجارە ڕوو لە ماڵە دەوڵەمەندێک بکات. وەک گێڕەر دەڵێت: «لێفە شڕەکەی بە شانیدا دا. دەستی دا گاگۆڵکەکەی و لەقلەق کەوتەڕێ. ئەوەندە بایەکە ڕای دەوەشاند، بەفرەکە بۆیەی سپی تێهەڵدەسوو. فایدەی نەبوو. سەرتاپا دەتگوت لە قیرت هەڵکێشاوە. ڕەشاوی لێ دەچۆڕاوە و بە دوایدا خەتێکی ڕەشی لەسەر لاپەڕەی بەفری سەر زەوییەکە دەکێشا. بەڵام لەو وەختەدا کێ هەبوو ئەوەندە ورد بێ، ئەم خەتە بخوێنێتەوە و بەسەرهاتی ئەو تێبگات» (هەمان).

ئەوە ڕوونە کە هەر کەسێک کێشەی بینینی نەبێت، دەتوانێت ڕەنگی ڕەش لەسەر ڕەنگی سپی بە ئاسانی ببینێت. وەک چۆن دەتوانین تاڵە موویەک لە ناو ماستدا ببینین. بەڵام مەبەستی چیرۆکنووس لەوە گەورەترە کە دەڵێت: «بەڵام لەو وەختەدا کێ هەبوو ئەوەندە ورد بێ، ئەم خەتە بخوێنێتەوە و بەسەرهاتی ئەو تێبگات» (هەمان). ئەمە ڕەخنەیەکی زۆر توندە لە دەوڵەمەندەکان و سکتێرەکانی شار کە ئاگایان لە سکی برسی هەژارەکان نییە. وەک چۆن لە بەشی کۆتاییی چیرۆکەکە ئەو وەڵامەمان دەستدەکەوێت. بەم شێوەیە کۆتایی بە چیرۆکەکە دێت؛ کاتێک حەمە ڕەش دەگاتە بەر دەرگای ماڵە دەوڵەمەندێکی شار، ماڵێکی ڕووناک و بەرز و جوان و گەرم و حەوشەیەکی گەورە و دەرگایەکی سەوز و جوان، لە دەرگا دەدات و گەورەی ماڵیش بە دەرگاوان دەڵێت: ئەوە کێیە؟ دەرگاوانی ماڵ، کە ناوی سەعەیە و کابرایەکی سەرزلەیە، دەرگاکە دەکاتەوە و دەڵێت:

« «بەگم بێژم چی! داوەڵێ ڕەشە، وا دیارە گەدایە.

حەمەڕەش گوتی: خێرومەند! خوا نەیبڕێ، فرە برسیمە، دوو نانم بدەنێ.

سەعە قیژاندنی بە سەریدا: برۆ بە ڕێی خۆتەوە کابرا! خانم لە ماڵ نییە. چۆتە حەمام».

حەمە ڕەش سەرنجی بەژن و باڵای سەعەی دا. لێوە چرچەکانی تا لای بناگوێی لێک ترازان. ئەگەر ئینسانێکی ساغ و تێر و تەسەل بوایە زوو دەزانرا خەریکە پێبکەنێ. بە دەنگێکی کتوپڕەوە گوتی: کوڕە، جوان خاسەکە، خاسیان وتووە هەرکەس گوێژ لە هەمانەی خۆی ئەژمێرێ. تۆ گوێت پێوە نەبوو، من داوای نانم کرد. خانمی چی؟ من برسیمە. شتێکم گەرەکە بیخۆم. شتێکم گەرەک نییە گەمەی لە تەکا بکەم» (هەمان: ۲۳). پێشاندانی ئەم وێنە کاریکاتێرەی نێوان حەمە ڕەش و سەعە سەرزل، لە کاتی ئەم گفتوگۆیەدا، هەم وەڵامێکە بۆ بەشی سەرەوە کە کوتمان تێر ئاگای لە برسی نییە، هەم خاڵێکە کە ئێمە دەخاتە پێکەنینەوە. بەڵام پێکەنینێکی تاڵ بەو یاسا ڕزیو و بۆگەنانەی کە حەمە ڕەش و هەزارانی وەک حەمە ڕەشیان کردووەتە کۆیلەی دەوڵەمەندەکان.

www.SID.ir

Archive of SID

### ۳ـ۲ـ۲ـ عادەتی بازاڕ

ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە لە بەغدا و لە ناو جەرگەی شاردا، کە پێی دەوترێت بازاڕ، ڕوودەدا. باسی ڕواڵەت و شێوە و عادەتی بازاڕی بەغدای ئەو سەردەمە یان نموونەی وەرگرتنی ژیانی شارستانییەت دەکات. کورتەی ئەم چیرۆکە باسی بازرگانە چاوچنۆکەکانی شار دەکات کە چۆن بەردەوام لە هەوڵی نانەوەی داون بۆ کڕیارەکانیان. هەروەها باس لە ڕاوکەر و باخەڵبڕەکانی شار دەکات کە چۆن بە بەکارهێنانی مەتر و تەرازوو، نێچیرەکانیان ڕاو دەکەن. وەک گێڕەر دەڵێت: «بازاڕ هەمووی سپیە و حەشارە بە تەنیشت یەکەوە. لە هەر حەشارێکدا ڕاوکەرێک دەستی داوەتە چەکی نیوگەز، یان تەڵەی تەرازووی ناوەتەوە و خۆی مات داوە. نێچیر وەک لافاو لەو سەرەوە بە ساخی دێن و لەو سەرەوە کە دەردەچن، هی وایان هەیە نیوگەز گیرفانی دڕیوە و هی واشیان هەیە کیسەکەی بە تەڵەوە بووە» (هەمان: ۲۳).

پێشاندانی ئەم وێنەیە و ڕەخنەگرتنێکی توندە لە جووڵەی کارەکتەرەکان و هێما و نیشانەکانی بەردەستیان، هەروەها لە فرتوفێڵ و نامەردی و ناپیاوی خاوەن خانەکانی بازاڕ و کێشەکانی شار و لە ناویشیاندا کێشەی بازاڕ. ئەم ڕەخنەگرتن و تەنز و پلارتێگرتنە، چینی بورژووا و هەڵوێستی ئەوان لە بەرامبەر بە خەڵکە ئاساییەکە دەستنیشاندەکات. بۆ وێنەگرتنی ئەم جۆرە لە واقیعەی شار، نموونەی بە بازرگانێکی چاوچنۆک هێناوەتەوە، کە ئەویش عەبدولقادر ئەفەندییە. سەرکۆنەکردنی عەبدولقادر ئەفەندی و نموونەی عەبدولقادرەکانی تر لە ناو چیرۆکەکەدا، لە ڕێگای چەندین دەستەواژە دەربڕدراوە کە لە هەمووی گرینگتر مشکی سەر خەزێنەیە و خانەکەشی بە کونەمشک دەشوبهێنێ. هەروەها دەستەواژەی دز و چەندین نازناوی تریش. پاشان هەر لەم چیرۆکەدا باسی هەڵوێستی عەبدولقادر دەکات وەک خاوەنکار، زاکیر وەک حەماڵ و میرزا وەک کاتب. ڕووی ڕاستەقینەی بازرگان و چاوچنۆکەکان لە بەرامبەر بە هەژارەکان هەڵدەماڵێ. ئەم وێنە ناشیرینە کاتێک بە ڕوونی دێتە بەرچاو، کە کرێکارەکان دەیانهەوێت پیپسی لە خانەکەیدا بخۆنەوە. عەبدولقادریش وا هەست دەکات کە بە پارەی ئەو کڕدراوە. گێڕەر دەڵێت: «ئەفەندی دەمی وەک مەشکەی کۆن تەقی و نەڕاندی: کاکە! ئەمە خانە، گازینۆ نییە. تۆ خۆت کار ناکەی، خەریکی زاکیریشم لێ بەدعەمەل کەی؟ من پیپسی کۆلا ناخۆمەوە. ئێوە پارەتان لە کوێ بوو پیپسی کۆلا دەخۆنەوە؟ کاسبی چۆن وا دەبێ؟

- ئەفەندی! خۆ گوونییەکانمان نەگوشیوە پیپسی کۆلای لێ چۆڕابێتەوە. من بە پارەی خۆم کڕیومە. جگە لەوەش خۆ من حەماڵ نیم. کاتبم. ڕاستت پێ‌بڵێم؛ لەبەر تۆ نییە یارمەتی زاکیر دەدەم، بەزەییم بەودا دێتەوە.
- بەزەیی چی؟ زاکیر خانچییە. دەبێ کاری خۆی بکات. تۆ وا دیارە بە کاری بازاڕ نایەی. وابزانم بۆنی (یەعیش و یەسقوت) لە مێشکت دێ!» (هەمان: ۲۵).

لەم چیرۆکەدا نموونەی سێ کەسایەتیی جیاوازمان پێشاندەدات کە هەر یەک لەمانە هەڵوێستیان لە بەرامبەر بە بارودۆخەکاندا جیاوازە. چیرۆک‌نووس لە ڕێگای پێشاندانی ئەم جۆرە کەسایەتییانە دەیهەوێت ڕەخنەی تەنزئامێز و تانە و تەشەر لە نموونە باوەکانی ژیانی ڕاستەقینە بگرێت. عەبدولقادر ئەفەندی نموونەی بازرگان و بورژووایەکی چاوچنۆکی خاوەن دوکان و پارەیە. زاکیر وەک کرێکارێکی هەژار و بێ‌دەستەهەڵاتە، کە ژیان ناچاری کردووە ببێتە کۆیلەی دەستی ئەفەندی. وەک خۆی لە بەشێکدا دەڵێت: «ئەم کابرایە دەرەکا لە هیچ خانێک ڕام ناگرن. دەڵێن یان دەست‌پیسە، یا سەرسەرییە. کارێکی دیکەش نازانم. منداڵەکانم لە برسانا دەمرن!» (هەمان: ۲۵).

نموونەی کەسایەتییەکی خوێندەوار و وریا و کەسێک کە لە هەڵس‌وکەوتیدا تۆوی یاخی‌بوونی تێدایە و دەتوانین بڵێین ڕاستەوخۆ پێچەوانەی عەبدولقادر ئەفەندیە، کاتبە. کارەکتەری کاتب لەم چیرۆکەدا لە لایان چیرۆک‌نووسەوە بۆ ئامانجێک بووە تا بتوانین لە ڕێگای ئەم جۆرە کەسایەتییە باش و دڵ و دەروون پاکانەوە، خراپەکانی دەوروبەرمان بناسین.

www.SID.ir

Archive of SID

کەسایەتی کاتب وەک ئاوێنە وایە. تا لە ڕێگای ئەوەوە چ بەدی و ناشیرینیی دەوروبەرمان هەیە بیاندەینە بەر نەشتەری ڕەخنە و ڕووی ڕاستەقینەیان لە کۆمەڵگا هەڵبماڵین. هەر بۆیە تا کۆتایی کارەکتەری کاتب لە بەرامبەر بە عەبدولقادری ئەفەندی، لە سەر هەڵوێستەکانی خۆی، لە پای ئەو غەدرەی ئەفەندی لە خەڵک دەیکات، سوور دەبێت. پێداگریی ئەم کارەکتەرە نەک تەنیا نەبووە هۆی گۆڕانی بازرگانە چاوچنۆکەکە، بەڵکوو بەم کارەی کۆتاییی بە کار و کاسبی خۆشی هێنا و دواجار ئەفەندی کە مانگانە چوار دیناری پێ‌دەدات، نیوەی پارەکەی دەداتێ و لە سەر کارەکەی دەریدەکات. هەر وەک دەڵێت:

«ئەفەندی گوتی: چەندی مانگە؟

- ۱۵ی مانگە.

- بگرە! ئەوە دوو دینار و بڕۆ بە ڕێی خۆتەوە. تۆ بە کاری بازاڕ نایەی» (قزڵجی، ۲۰۱۳: ۲۶).

### ۳ـ۲ـ۳ـ بیهێنە، ئەما ناوی مەبە

ئەم چیرۆکە لە وێنەیەکی تەواو کاریکاتێریدا باسی ئاغای گوندی سەرکەل دەکات کە ناوی مەجیدبەگە و باسی ئەوە دەکات؛ کە چۆن خەڵکی گوند لە بەرامبەر بە ستەم و ناعەدالەتی و وەرگرتنی سەرانە و جەژنانە و دیاری و سەوقاتی ئاغا، گوندەکە جێ‌دەهێڵن و ئاغا تەنیا دەکەن. وێنەکە ئەو کات تۆختر دەردەکەوێت کە ئاغا وەک جاران دەستهەڵاتی ڕێ‌پێ‌گرتنی خەڵکی نەماوە و دەستەوەستان ماوەتەوە. جگە لە خەڵکی گوند تەنانەت لە لایان مەلا ژنیشەوە بووەتە جێگەی سەرکۆنە و گاڵتەپێ‌کردن.

سەرەتای چیرۆکەکە بە پێشاندانی وێنەیەکی جوانی ماڵ و دیوەخانی ئاغا دەستپێ‌دەکات کە نمایش‌کردنی ئەم وێنانە لە ڕێگای وەسفەوە لە لایەن چیرۆک‌نووسەوە، بۆ ڕیسواکردنی ئاغا و دیوەخانەکەیەتی. دوای چۆڵ‌کردنی گوندەکە لە لایان خەڵکەوە، چیرۆک‌نووس دەیهەوێت پێمان بڵێت؛ هەرچی ئاغا و دەرەبەگ و زاڵمی لەو شێوەی مەجیدبەگ هەیە، بە خەڵکە ئاساییەکەوە بوونەتە پیاو و ئەگەر خەڵک نەبێت هەموو شتێکی ئەوان بەرەو سووک و چرووکی دەڕوات. بەم شێوەیە گێڕەر دەڵێت: «بەشی دووەمی قەڵا، دیوەخان و پێشخانە. تەویلە و کادێن، هێشتا بە پێوە بوون. دیواریان بە دەرەوە و بانیان بە سەرەوە مابوو. بەڵام نە لە تەویلە حیلەی ئەسپ و ماین دەهات، نە کادێن سپییایی کای تێدا دیار بوو. لە بن میچ سیسرە دەیانخوێند و لە خواریشەوە قلۆنچە ڕمبازییان دەکرد. ساڵێک بوو فەڕشی دیوەخانەکە فرۆشرابوو و بەڕەکانی پێشخانەی لێ ڕاخرابوو. هەموو شتێک لە ماڵی مەجیدخان بەرەو سووک و چرووکی دەڕۆیشت» (هەمان: ۲۷). گەورەترین کێشەی گوندنشینان لە کۆنەوە، ئەو باج و سەرانە بووە کە ئاغا چاوچنۆکەکان لە خەڵکی گوند وەریاندەگرت. چەوساندنەوە و ستەم‌کردن لە خەڵک لە لایان ئاغاکانەوە، کێشەیەکی گەورەی گوندنشینان بووە. ئەگەر ئەم چیرۆکە پێشاندانی ئەم لایەنە بووبێت، لە لایەکی تریشەوە، گاڵتەپێ‌کردن بە ئاغا و ڕیسوابوونی دەستهەڵاتەکەیەتی کە سەردەمایەک لاف و گەزافی پێ لێ‌دەدا. زارا خانم کە ژنی ئاغا بوو سەرکۆنەی ئاغا دەکات و دەڵێت: «عەمرت نەمێنێ. سەر سەپۆلەی بێ دەم و پل و دەستەوستانە. تۆ کەی پیاوی. منیش نەگبەت گرتمی و چارەم لە چارەی تۆ نووسرا. دیوەخان وەک وشترخان وایە و سینی بۆ گەورەیە؟ عاقڵت لە مێشکدا نەماوە» (هەمان: ۲۹). بێ‌دەستهەڵاتی ئاغا و دەستەوەستانی وای لێ‌دەکات زارا خانم پێی بڵێ لە سەرما و لە برسانا دەمانکووژی. بێ‌عەقڵی ئاغاش لەوە دایە هێشتاش چاوەڕێی دیاری و جەژنانەی خەڵک دەکات. بۆیە زارا خانم دەڵێت: «جێژنی چی؟ تازە بە تەمای جێژنانەی؟ ئەوا ئەمڕۆش ماڵێکی دیکەیان ڕۆیشت. ماوەتەوە چوار ماڵ. ناگاتە جێژن ئەوانیش بار دەکەن. بە تەمای جێژنانە خۆت لە سەرمانا دەکووژی؟» (قزڵجی، ۲۰۱۳: ۲۹). لێرەدا چیرۆک‌نووس بە شێوەی گاڵتە و تەنزەوە دەیهەوێت هزر و نەفسی ئاغامان پێشانبدات. باسی ئەو بۆشاییە فیکرییەمان بۆ دەکات کە ئاغاکان لەو سەردەمەدا هەیانبووە.

www.SID.ir

Archive of SID

لە کۆتایی چیرۆکەکەداکاتێک زارا خانمی خێزانی بۆ چارەسەری کێشەکەیان داوا لە ئاغا دەکات بچێتە سەر سەیدی زەمبیل تا خودای گەورە دەرگای خێریان لێبکاتەوە، ئاغا بە دەم داوای ئاغا ژنەوە دەچێتە سەر سەیدی زەمبیل و شەو لە مزگەوت دەمێنێتەوە و کەس نایەت بە لایدا. لە کاتی خەو سەرمای دەبێت و داوا لە خزمەتکارەکەی دەکات شتێک بێنێت تا بە خۆیدا بدات. بەڵام هیچ شتێک لەم ناوەیە دەست ناکەوێت. بۆیە خزمەتکارەکەی پێی دەڵێت؛ لە جلە ئێسترێک زیاتر هیچی تری لێ نییە. ئاغا چەند جارێک قسەی پێدەڵێت و جنێوی پێدەدات، بەڵام کە سەرما تینی بۆ دێنێت، ناچار دەبێت و بە خزمەتکارەکە دەڵێت: «بیهێنە، ئەما ناوی مەبە» (قزڵجی، ۲۰۱۳: ۳۰). کۆتاییی ئەم چیرۆکە پەیامێکی ڕوونە لە لایان چیرۆکنووسەوە کە دەیهەوێت بە شێوەیەکی تەنز و گاڵتەوگەپەوە، بێعەقڵی ئاغامان لەو کاتەدا بۆ دەربخات.

### ۳ـ۲ـ٤ـ خەمڵی پەموو

کورتەی ئەم چیرۆکە باسی شێخێک و بەگێک بە ناوی زۆراوبەگ دەکات کە چۆن لە پێناو مەسڵەحەت و بەرژەوەندی خۆیان یەکیانگرتووە و جووتیار و هەژار و مەلا و وەرزێرەکان دەچەوسێننەوە و سەرانە و بەرتیل لە جووتیاران وەردەگرن و لەبەرامبەر بە مافی کەسانی تریش بێدەنگی هەڵدەبژێرن. لەم چیرۆکەدا بە شێوەی تەنز و گاڵتەوگەپ دەروانێتە شێخ کە چۆن خانەقاکەی، کە لە تەنیشت ماڵەکەی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەدا کە مەلای لێیە و بانگی لێدەدرێت و نوێژی تێدا دەکرێت، بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاریدەهێنێت و ڕۆژانە لە خانەقا چاوەڕێی جووتیارە هەژارەکان دەکات تا باج و سەرانەیان لێوەربگرێت. گێڕەر دەڵێت: «شێخ پێش نیوەڕۆ و ئێوارە تا نزیک بانگدان، یا لە حەوشەی مزگەوت پیاسەی دەکرد، یا لە سەر کورسییەکەی کە لە هەیوانی خانەقا بە تایبەتی بۆ ئەو داندرابوو دادەنیشت و دەنکی دەزبیحەکەی دەگێڕا و دیاربوو بیری لە داهاتی پاییزی پار دەکردەوە کە چەند بووە و ئەمساڵ چەند دەبێت» (قزڵجی، ۲۰۱۳: ٤۱). پیشاندانی شێخ لە ناو خانەقاکەیدا و هەڵسوکەوتی ئەم کارەکتەرە، ڕەخنەیەکی توندە کە شێخ کە چۆن هێما پیرۆزەکانی دین بەکاردەهێنێت بۆ بیرکردنەوە و بەدەستهێنانی مەرامە گڵاوەکانی خۆی. هەر لەم چیرۆکە و لە شوێنێکی تردا دەڵێت: «بەڵام شێخ یان وەرەس بوو، یا بە پێویستی نەدەزانی، یا بەشکم لە ماڵەوە نوێژی دەکرد، لەو وەختەی نەدەهاتە خانەقا» (هەمان). مەبەستی لێرەدا کاتی مەلا بانگدانە.

سۆفی نامیق یەکێک لە جووتیارەکانە کە لە لایان زۆراوبەگەوە ستەمی لێدەرکرێت. سۆفی نامیق بە خۆی و ماڵ و منداڵییەوە چەند مانگ بوو خەریکی پەموو بوون تا گەیشتە هەراشبوون. بەڵام پاشان زۆراوبەگ داوای خەمڵی هەموو پەمووکەی لێدەکات. ئەویش دێت تا دەردی دڵی لای شێخ باسبکات. بەڵکوو شێخ شتێکی بۆ بکات و نازانێت شێخیش شەڕی مەسڵەحەتی خۆی دەکات. «شێخ هەقی بوو هاتنی سۆفی نامیقی پێ خۆش بێ. مەردێکی بە سۆز و موخلیس بوو. خزمەتی خانەقای زۆر دەکرد. هیچ کاتێک بە دەستی خاڵی نەدەهاتە زیارەت.

-هیچ نەبێت دینارێکی هێناوە مەلا جەلالی پێ بێدەنگ بکەم. خۆ ئەگەر هیچیشی نەهێنابێ، دیسان هەر قەیناکا. هاوینە، نوخشە دەرنەهاتووە. دار ئەگەر ساڵێ بەری نەهێنا؛ ناشێ بیبڕی» (هەمان: ٤۲).

بەم شێوەیە شێخ لە سەرەتادا بە نیازی بەرگریکردن لە سۆفی نامیق کەسێک دەنێرێت بۆ لای زۆراوبەگ تا غەدر لە سۆفی نامیق نەکات. بەڵام دیارە زۆراوبەگ وەڵام بۆ شێخ دەنێرێتەوە و پێی دەڵێت: با زۆر گوێ لەو مسکێنانە نەگرێت چون خۆشی خاوەن موڵکە. ئیتر بەرژەوەندیی شێخ و زۆراوبەگ لێرەدا دەست پێدەکات. پاشان شێخ هەڵوێستی دەگۆڕێت و دەڵێت: «عیلاج نییە سۆفی نامیق. زەمانەکە خراپ بووە. خوا خراپتر نەدا» (هەمان: ٤۳). دوای گفتوگۆیەکی باش کە لە نێوان شێخ و سۆفی نامیق ئاراستە دەبێت، سۆفی نامیق ناچێتە ژێر باری وەکیل زۆراوبەگ و جۆرێک لە ڕۆحی بەرەنگاری و خۆ بەدەستەوەنەدان لە ناخیدا دروست دەبێت و دەڵێت: «هەزاران قەزا و قەدەر بێ، پەمگی خۆمی نادەمێ» (هەمان: ٤٤). ئەم قسەیە ئەگەر لە ناخ و دڵ و دەروونێکی سادەشەوە بێت زۆر گرینگە؛ چون جۆرێکە لە یاخیبوون لەو یاسا و دیاردە قێزەون و ناشیرینانەی کە دەرەبەگ و ئاغا و چاوچنۆکەکان دایانناوە.

www.SID.ir

Archive of SID

### ٣ـ٢ـ٥ـ سەرفیترە

ئەم چیرۆکە لە ناوەڕۆکێکی پێکەنیناویدا باسی بازرگانێکی چاوچنۆکی شار دەکات؛ بە ناوی حاجی عەلی. ئەو بازرگانە زۆر دەوڵەمەندە و لەگەڵ ئەوەشدا بورژووایەکی چاوچنۆکە کە بە هەر ڕێگایەک بێت دەیهەوێت پارەی زیاتر پەیدابکات. کاتی ڕووداوی چیرۆکەکە لە مانگی ڕەمەزان دایە. لەگەڵ ئەوەدا مرۆڤی موسوڵمان لەم مانگە پیرۆزەدا دەبێت زیاتر بەخشندە بێت و سروشتی ئەم مانگەش ئەوەیە کە هەرچی دەکرێت بۆ خودا و لە پێناو ڕەزامەندی خودا دایە. لە پاڵ خێر و چاکە و ڕۆژووگرتن و دەسبیحات و تەڕاویحکردن، یەکێک لە ئەرکە دینییەکانی تر لەم مانگەدا، پرسی سەرفیترەیە. چیرۆکنووس بە شێوەی تەنز و گاڵتەوگەپ و پلار و توانج لێدان لە حاجی عەلی، دەیهەوێت نموونەی ئەم جۆرە مرۆڤانەمان پێشانبدات کە ئەرکە دینییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردێنن. تەنانەت نوێژ و دوعا و پاڕانەوە و خووی مانگی پیرۆزی ڕەمەزانیش هەر لە پێناو خۆیان بەجێدێنن. گێڕەر لە شوێنێکدا دەڵێت: «پیاوێکی وریا و عاقڵ بوو. حیسابی دونیا و قیامەتی خۆی باش دەزانی. زۆر چاک لێکیدابووەوە: ڕەمەزان هەم زیارەتە و هەم تیجارەت. خواشی لێڕازی دەبێت و ژەمی سێ نیوەڕۆش دەگەڕێتەوە» (هەمان: ٤٥). ئەو کە لە پێناو بەرژەوەندییە مادییەکانی خۆی ئەرکە دینییەکانی جێبەجێ دەکرد، تەنانەت دوعا و پاڕانەوەکانیشی بۆ زیاترکردنی ڕزق و ڕۆزی بوو. گێڕەر دەڵێت: «حاجی مانگی ڕەمەزانی بە ڕێکوپێکی گرتبوو. تەراویحی شەوەکانیش سەرباری. لە مەلای بیستبوو؛ هەرکەس شوکرانە بژێر بێ، خودا بۆی زیاد دەکات. جا بۆیە هەموو شەوێ بە دەم تەراویحێکەوە، ئەوەندەی زمانی هێزی تێدا بوو، شوکری خودای دەکرد» (هەمان: ٤٥).

ئامانجێکی تری چیرۆکنووس، ئاشکراکردنی فرتوفێڵی حاجییە کە بەردەوام کردوویەتی. ئەمەش لە کاتێکدا لە شەوی ٢٨ی ڕەمەزان ژنەکەی سەرفیترەی بیردەهێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە بیری بووە، لەبەر چاوچنۆکی خەتاکە دەداتە ملی شەیتان. هەروەها پێشنیار دەکات سەرفیترەی ئەمساڵ بدات بە میرزا ساڵح کە کاتبێکی نیمچە خوێندەوارە لە دووکانەکەی. هەڵبژاردنی میرزا ساڵح لە لایان حاجییەوە؛ بۆ ئەوەیە باشتر دەتوانێ فرتوفێڵی لەگەڵدا بکات و دەزانێ میرزاش ئەو ڕۆحە یاخیبوونەی تێدا نییە کە ئەم بارە نالەبارەی بۆی دروست بووە ڕەتی بکاتەوە. بۆیە لە پاڵ ئەرکە دینییەکەیدا، دەیهەوێت فێڵی لێبکات و دین بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت. لەو بەشەدا دەڵێت: «مەلا لە مزگەوت دەیکوت خێر و حەسەنات بۆ خزم باشە.. میرزا ساڵحیش خزمی خۆمانە» (هەمان: ٤٦).

یەکێک لە ئەرکەکانی تەنز، هەڵماڵینی دیاردە دزێو و ناشیرینەکانە. پێشاندانی ئەم ڕاستییە ناشیرینانەی کۆمەڵگا لە لایان چیرۆکنووسەوە بە مەبەست بووە. بۆیە چیرۆکنووس زیاتر قووڵ دەبێتەوە لە ناشیرینییەکانی حاجی. کاتێک بۆ بەیانییەکەی حیسابێکی ئاڵۆز لەگەڵ میرزا دەکات، لە نزیکەی ئەو دوو دینار سەرفیترەیەی کە پێی دابوو، میرزا تەنیا روبعێکی کەمی بۆ دەمێنێتەوە. بۆیە میرزا ساڵح لە قەوارەیەکی پێکەنیناوی بەڵام بە پلار و توانج تێگرتنێکی جەرگبڕ، لە کۆتاییدا بە زەردەخەنەیەکەوە بە حاجی دەڵێت: «جا بۆچی بەو ڕوبعە دینارە سەرفیترەی ساڵێکی دیکەم لێ سەلەم ناکەی؟!» (هەمان: ٤٨).

### ٤ـ ئەنجام

تەنز لە کۆچیرۆکی بەرباسدا ئەرکێکی لە سەر خۆی داناوە و ویستوویەتی ببێتە چەکێکی کاریگەر بۆ ئاگادار کردنەوە و وریاکردنەوە لە دیاردە ناشیرین و دزێوەکانی کۆمەڵگا و ڕێگایەکی خێرا بووە بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە. لە ئەدەبی کوردیدا دەقە تەنزەکان زیاتر و زۆرتر وەکوو دەقێکی ڕەخنەیی نمایشکراون یان بە خوێندنەوەیان تێدەگەین کە بە بێ ڕەگەزی پێکەنین، ئامانجیان گاڵتەپێکردن و هەڵماڵینی دیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵگا یان تاک بووە. زۆرجاریش ئەم دەقانە بە شێوەی داشۆرین خراونەتەڕوو و ئامانجێکی دیاریکراوی تەنزیان نەبووە کە بریتی بوبێت لە پێکەنین و ڕەخنە لە چوارچێوەی دەقێکدا. واتە؛ ئەو دەقانەی کە هەم هەڵگری ڕەخنەی توند بن و هەم لە قەوارەیەکی پێکەنیناویدا داڕێژرابێن، کە دوو ڕەگەزی سەرەکی تەنزی ئەدەبین، ژمارەیان کەمە.

www.SID.ir

Archive of SID

یەکێک لەو تایبەتمەندییە جوانەی کە ناوەرۆکی ئەدەبی کوردی پێ دەناسرێتەوە، جا چ شیعر بێت چ پەخشان، ئەوە بووە کە هەمیشە لە پێناو گەلدا بووە. هەموو ئەو ڕەخنە و دەقە تەنزانەی کە لەبەر دەستمان دایە لە خزمەت چینی چەوساوەکاندا و بە دژی زوڵم و زۆرداریی دەستهەڵاتدار و بازرگان و ئاغا و دەرەبەگ و داگیرکەران بووە. *پێکەنینی گەدای* حەسەن قزڵجی، کە بریتییە لە چوارده کورتە چیرۆک، ئەدەبێکە کە مانای هەڵگری پەیامەکەی لە خزمەتی خەڵکی هەژاردا بووە و ئەدەبێکی چینایەتییە. قزڵجی ویستوویەتی وەکوو ئاوێنەیەک ژیانی ئەو سەردەمەی خەڵکمان پێشانبدات کە چۆن لە لایان بازرگان و ئاغا و دەرەبەگ و کوێخاوە، جووتیار و هەژار و شاگرد و خەڵکە ئاساییەکان دەچەوسێندرێنەوە. قزڵجی یەکێک لەو تەکنیکانەی کە لە چیرۆکەکانیدا بەکاریهێناوە، تەنز و گاڵتەوگەپ و وێنەی کاریکاتێری و دەربڕینی کۆمێدییانەیە و ئامانجی قزڵجی لەو بەکارهێنانە، ڕەخنەگرتنێکی گاڵتەئامێزانەیە لەو چینەی کە خەڵکە هەژارەکان دەچەوسێننەوە. هەروەها ویستوویەتی بەم ڕێگایە، ڕووی ڕاستەقینە و چاوچنۆکی ئەم چینانەمان پێشانبدات و بۆ هەتایی لە زەینی خوێنەردا بمێننەوە.

www.SID.ir

Archive of SID

**سەرچاوەکان**


برایم، یاسین (٢٠١٤). «تەنز لە ڕۆمانی کەوتنی بۆرە قەلا لە حیکایەتێکی کۆندا». https://www.emrro.com/tenizleromani.htm [ڕێککەوتی دەست پێ ڕاگەیشتن: ١٣٩٩/٢/١٢].

پیرەمێرد (١٩٤٧). *گاڵتەوگەپ*. سلێمانی: چاپخانەی ژین.

حوسەین، هەڤاڵ ئەبووبەکر (٢٠٠٧). *چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامە نوسییەکان و ڕەنگ‌دانەوەی لە ژیان و ژیندا (١٩٥٠-١٩٣٢)*. سلێمانی: بنکەی ژین.

ڕەسووڵ، عیزەدین مستەفا (١٩٧٩). *لێ‌کۆڵینەوەی ئەدەبی فولکلۆری کوردی*. هەولێر: چاپی دووەم.

زراری، سەنگەر (٢٠١٨). «ئەرکی ناونیشان لە چیرۆکەکانی گەڕەکی ئێمەدا». ڕۆژنامەی *باس*. هەولێر: ژمارە ٣٧٣.

زراری، سەنگەر (٢٠١٩). *هونەری ژیاننامە*. هەولێر: نووسینگەی تەفسیر. چاپی یەکەم.

سەجادی، عەلائەدین (١٩٥٧). *ڕشتەی مرواری*. بەرگی یەکەم.

عەبدولا، شێرکۆ (٢٠١٨). «ئەدەبیاتی تەنز لە ئەزموونی ڕۆژنامەگەری دوکتوور شێرکۆ عەبدولادا». https://knwe.org/?p=20339 [ڕێککەوتی دەست پێ ڕاگەیشتن: ١٣٩٩/٢/٢٠].

عومەر، نەوزاد ئەنوەر (٢٠١٦). «لێکەوتەی ئاخاوتەیی لە تەنزدا، تەنزەکانی د.شێرکۆ عەبدوڵلا بە نموونە». گۆڤاری *ئەکادیمیای کوردی*. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین. ژمارە ٣٦.

قزڵجی، حەسەن (٢٠١٣). *سەرجەم بەرهەمی حەسەن قزڵجی*. کۆکردنەوەی موحسین قزڵجی. سلێمانی: زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

قانع، بورهان (١٩٧٩). *دیوانی قانیع*. سلێمانی: چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

مەلا موحەمەد، شاخەوان (٢٠١٤). *ڕۆژنامەگەری تەنز لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری سیخورمە وەک نموونە*. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

موکریانی، هەژار (١٣٦٨). *هەنبانە بۆرینە*. فرهنگ کردی – فارسی. تهران: انتشارات صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران.

نیزامەدین، فازیل (٢٠٠٢). *فەرهەنگی شیرینی نوێ عەرەبی – کوردی*. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

وەتمانی، هەرمان (١٣٩٥). «ڕەساڵەتی تەنز لە شێعری مەلا مارف کۆکەییدا». http://watmani.blogfa.com/post/130 [ڕێککەوتی دەست پێ ڕاگەیشتن: ١٣٩٩/٣/٢].

وەسانی، دڵشاد (٢٠٢٠). «تەقەی خۆشی ڕامەگرنی سەلام عەبدولا مەڵۆیەک بۆ سەر خەرمانەی ئەدەبی تەنز». هەولێر: ڕۆژنامەی *خەبات*. ژمارە ٥٩٢٢.

یووسفی، عومەر (١٩٩٨). *سەردانی سیاسەتمەدار*. هەولێر: بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی *بزووتنەوەی ئیسلامی*. چاپی یەکەم.

یووسفی، عومەر (١٩٩١). نامیلکەی *گۆنگەڵ*. قەڵادزێ: یەکیەتی نووسەرانی کورد.


www.SID.ir